# خۆیندنەوەیەکی به پەلە ی پرۆژەی
# یاسای نەوت وگاز ی کۆماری العراق

جەوهەر نامیق سالم



زۆربەی هەرە زۆری پسپۆرانی میانی نەوت ،کۆکن لەسەر ئەوەی کە کۆماری ( العراق ) :

- به فەرمی دوهەم ولاّتە لە رووی ( یەدەگی ) نەوت ،( تەنها حیسابی یەدەکی سابت کراوە ) کە (115 ) ملیار بەرمیلە ، بە حیساب کردنی یەدەکی ( محتمل ) (150 ) ملیار بەرمیل و،( 100 ) ملیار بەرمیل یەدکی مەزەندە کراوی (ئایندە ) ، ئەوە قەبارەی یەدەکی نەوتی العراق لە (300 ) ملیار بەرمیل تیّ دەپەریّت ، بەمەش ئەم (العراق ) ە دەبیّتە یەکەم ولاّت لە جیهان سەبارەت بە یەدەکی نەوت.
- تیّجووی (کولفەی ) دەرهیّنانی نەوتی (العراق ) زۆر کەمە بە بەراورد کردنی لەگەلّ ولاّتانی تر ، چونکە زۆربە زۆری نەوتی (العراق ) ، بەتاییەتی نەوتی (کورستان ) ، لە بیرەکاندا، لە قوّلاّییەکی کەمدان و، لە ژێر فیشاریّکی زۆر گەورەدایە و، قەبارەی نەوتەکەشیان زۆرە . بۆ نموونە: کولفەی دەرهیّنانی یەك بەرمیلی نەوتی العراق کەمترە لە (3 ) دولار ، لە کاتیّکدا کولفەتی یەك بەرمیلی نەوتی ئەمریکی لە (12 ) دۆلار زیاترە .
- نەوعیەتی زۆربەی زۆری نەوتی کیّلّگەکانی ( العراق ) نەوتی ( سوکە = خفیف ) یان سوکی قورس = الخفیف الثقیل ) ، واتە ئەونەوعە نەوتەیە کەریّژەی (گۆگرد وئاسن وخوێ ...هتد ) ی زۆر کەمە، ئەمەش وایکردوە کە قۆناغی بالاّوتنی زۆر کورت و ئاسان بیت ، بە بەروارد کردن لەگەلّ نەوتی خاوی زۆر لە ولاّتانی نەوتدار.
- زۆربەی هەر زۆری کیّلّگە نەوتیەکانی ( العراق ) دۆزراوەتەوە و،کیّلّگەکانیشی دیاری کراون و مەزەندەی یەدەکی (سابت وموحتەمل بگرە ئا یندەیشی ) بۆ کراوە.

ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆرانی بواری نەوت میّژوونوسان و، رۆژهەلاّت ناسان ،( نەوت ) بە یەك لە هۆکارە بنەرەتیەکانی داگیر کردنی رۆژهەلاّتی ناوەراست و سەرچاوەکانی دادەنیّن لە سەرەتای سەدەی رابردوو، بنەمایی ڕیّککەوتنامەی (سایکس – پیکو 1916 ) بوو، سەبارەت بە دابەشکردنی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی لە نیّوان بەریتانیا وفەڕنسا....

لە حالەتی ئیّمە دا ، زۆری ومسۆگەر بوونی نەوتی ولایەتی مووسل (کوردستانی باشور)، فاکتەریّکی سەرەکی بوو بۆ داگیر کردنی ولایەتی بەسرە وبەغدا و پاشتر ولایەتی مووسل لە لایەن بەریتانیا و،دابەشکردنی کوردستانی کەورەمان لە دوو بەشەوە بۆ چوّار بەش و، کوردستانی باشورمان بلکیّنیتەوە بە کیانیّکی داتاشراویی خۆی کە ناوی لیّ نا ( عیّراق ) و، بە پیّی پەڕژەوەندی خۆی وهاو پە یمانانی ،مەرجی چۆنیەتی ئیستغلالکردنی سەروەت وسامانی نەوت فەرز کات بە سەر حکومەتە دەستکردەکەی خۆی و، بە پیّی گرییەستەکانی کۆمپانیە زەبەلاحەکانیان ، ئەو سەروەت وسامانە تالاّنکەن وبەشی شیّر بۆ ئەوان بیّت و، ئەوەشی بۆ

دەسەڵاتی ( عێراق ) دەمایەوە ،زۆری بۆ قایم کردنی خۆیان بوو، بە گرینی جەك وتەقەمەنی و، دامەزراندنی دام ودەزگا دا پلوسێنەرەکانیان ، وەکو سوپا و پولیس و ئیدارەیەکی مشە خۆر وگەندەڵ ....

قوناغی بیستەکان تاکو سەرەتای شەصتەکانی سەدەی رابردوو ، قۆناغی بەربەرەکانی و تێکۆشان بوو دژی ئیستغلالکردنی نەوتی عێراق لە لایەن کۆمپانیە بیانیەکانی و،فیشار خستنە سەر رژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق ، کە لە زۆر روەوە ئوینەرو پیادەکەری جەمسەری ئینگلو ئەمریکی و، پەرژەوندیەکانییان بوون و، کۆمپانیەکانیشیان هێماکەیان .....

بەڵام سەرەتای شەصتەکانی سەدەی رابردوو، بارودۆخە گۆرا و،ئەوپەڕژەوەندیانە بە فەرمی تەحجیم دەکراو، کەرتی نەوت زیاتر بە رەو خۆماڵیکردنی هەنگاوی ئەنا ، بە تایبەتی یاسای (80) ساڵی 1961 و، یاسای دامەزراندنی کۆمپانی نیشتمانی نەوتی عێراق و، یاساکانی خۆ ماڵیکردنی نەوت لە ساڵانی 1972 و 1975 .

ئەو گۆڕنکاریە لە بواری رزگاری کردنی نەوتی (عێراق) لە چنگی کۆمپانیە بیانیەکان لە هەل و مەرجی خۆیدا ، وەرچەرخانێك بوو ،لە میژووی عێراق و ناوچەکە و،لە ئاستی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و خودی بازاری نەوتی جیهانی . بەڵام دەرهاویشتەی(افرازات)ی زیاتر لە نیو سەدەی داگیر کردن وگرا ونەخۆشیەکانی و، هەوابەستەکی توێژەیەکی بەرچاوی سەرانی عێراق وتیکەڵ بوونیان لە گەڵ ئەو پەرژەوندیانە و درووستبوونی دام و دەزگاکانی دەولەتی عێراق لە سەر ئەو بنەمایانەو،زیابوونی داخوازی لە سەر نەوت و بەرزبوونەی نرخی ، وایکرد تاکوو دەهات ئەم کاڵایە گرنگ تر دەبوو ، هەروەها داهاتەکشی زۆرتر دەبوو ، وبە شێوەیەکی خرابیش خرج دەکرا... .

ئەم واقیعە، دیاریدەی ( دکتاتوریات نەوتی ) هێنایە وجوودو،لەخوسڵەتەکانی ئەم (دکتاتۆرا ) نە ئەوە بوو :

1. زۆربەی هەر زۆریان یان دەستکردی رۆژئاواو ئەمریکا بوون یان هەوادار و، ئەو بلۆکە جیهانیە هاوکاری وپشتگیریانی لێ دەکردن و،ئەو پشتگیری و هاوکاریە بۆ زۆربەی زۆری ئەوانە تاکوو ئەمرۆ بە ردەوامەو، ئەوەشی لێانهەڵگەرابێتەوە بە هەموو شێوەیەکی هەولی لە ناوبردنیان داوە تاکو رادەیٍ پلانی کودەتا و داگیرکردنی وڵاتەکەی .چونکە لە لایەکەوە ئەو رژیمانە زامنی ناردنی نەوتە بۆ بازاری ئەوان و نەوتیش شادەماری ژیانی پیشە سازی و ئابوریانە و، وبازاری وڵاتانی نەوتدار باشترین مەیدانی بازرگانیە ...
2. دەرئە نجامە نەگتیفەکانی ئەوپشتگیریە وئیستغلالکردن و بەکار هێنانی ئەو داهاتە وکۆنترۆڵکردنی و خەرج کردنی بە شێوەیەکی رەها لەلایەن سەرانی ئەورژێمانە،وای کرد کە، پەیوەندی داهاتی نەوت لەگەڵ زوڵم زۆر و توند تیژی و گەندەڵی و رەوتی تاکرەوی ودیکتاتوریەت وفاشیەت پەیوەندیەکی ( راستەوانەیان ) لە گەڵ یەکتر هەبێت . رژێمی نەفرەتلێکراوی سەدامی گۆر بەگۆر ،تەعبیرێکی ورد درووستی ئە هاوکیشەیە بوو و، رێك هێمایەکی شازی ئەو دیاریدەیەن و،( خەڵکی کوردستان وکوردستانی باشوورمان ) یش کێڵگەیەکی تاقیکرنەوەی زەق وزیندووی دەرئە نجامەکانیەتی و،چوار ساڵ بە سەر رمانی ئەو رژێمە تێپەر بوو ، عێراق کەوتە قوناغێکی نوێ تر، وەلی تاکو ئێستا و،دوور نیە تاکووماوەیەکی دوورتریشٍ ، گەلانی عێراق وا بە ئاسانی لەو هاوکێشەیە رزگار نەبن.

بۆیە زیادە رەوی نیە ئەکەر هاتوو پێناسەی میژووی عێراق بکەین بە درێژایی سەدەی رابردوو ، وتاکوٍ ئەمرۆیش ،بە قوناغی ململانی وبەرخۆدانی کەلانی عیراق دژی پەرژەوندیەکانی ئیستراتیجی زلهێزەکان بە تایبەتی بەریتانیا و ئەمریکا ، بە داگیرکردنی عێراق لە پاش ساڵی 2003 لەلایەن ئەمریکا وهاوپیمانانی ،جارێکی دیکە کێشەی نەوت هێنایە سەر شانووی ململانی.

پرۆژەی یاسای نەوت وغازی کۆماری العراق لە 2007/2/15 لە لایەن ئەولیژنەیە کە راسپێردرابوو کاری لە سەر بکەن تەواوبوو ، درا بە ئە نجوومونی وەزیرانی ناوەندی بەغدا، پاش پەسەند کردنی نێردرا بۆ ئە نجوومی نیۆینەرا ن ...

پرۆژەکە بریتیە لە ( پێشەکییەك ( الاسباب الموجبة ) و (43) مادە و (4) پاشکۆ (ملحق ) ومادەکانیش دابەشکراون بە سەر (6) بەش ( فصل ) .

بەش یەکەم : مەرجە بنەڕەتیەکان ( الشروط الأساسية ) لە  ماددە( 1-4 ) ە.

بەشی دووهەم: بەڕێوەبردنی سەرچاوەنەوتییەکان ( ادارة المصادر النفطية ) لە ماددە ( 5-12 )ە .

بەشی سێهەم : چالاکی تنقیب وگەشە پێدانی کێڵەگەکان ( نشاط التنقيب وتطوير الحقول ) لە ماددە( 13- 20 ) ە.

بەشی چوارهەم : گواستنەوە ( النقل ) لە ماددە( 21-22 ) ە .

بەشی پێنجەم : غاز ( الغاز ) لە ماددە ( 23- 26 ) ە .

بەشی شەشەم : کاروباری ڕێکخستن ( الأمور التنظيمية ) لە ماددە ( 27-32 ) ە .

بەشی حەوتەم : سیستێمی دارایی ( النظام المالي ) لە ماددە ( 33-35 ) ە.

بەشی هەشتەم : ماددە جیاجیاکان ( المواد المتفرقة ) لە ماددە ( 36-43 ) ە .

نەخشەی سیاسەتی نەوتی عێراق ، هەر وەکو لە دیداریکماندا لە گەڵ رۆژنامەی ( هاوڵاتی ) ئاماژەمان بۆ کرد ، لە لایەن ئەمریکا وهاو پە یمانانی ، پێش داگیرکردنی عێراق کاری بۆ کراوە و، لە ساڵی 2004 بە ملاوە بە جیدی ئیشی لە سەر کراوە و، ناوەڕۆکی جێگای باس و لێکۆڵینەوەی پسپۆران وناوەندە ئابووری و پیشەسازی وکۆمپانیێەکانی نەوتی جیهانی بوە ، بە تاییەتی لە ئەمریکا و بریتانیا و، لە ژێر چاودێری وهاندانی ئیدارەی بۆش و، زۆرجار لە میدیاکانی خودی ئەمریکا وبەریتانیا ولاتانی دیکەی ئەوروپا باسی ئەم پرۆژەیە کراوە جەمسەرکانی شیکراوەتەوە .

بە پێچەوانەی ئەوەی سەرەوە ، لە عێراق بە گشتی و کوردستان بە تاییەتی ، بە دەر لە بازنەیەکی تەسکی دەسەڵاتی ناوەندی بەغداو دەورو بەریان ، کە لە نیو مەسەلەکدا بوون یان زانیاریان پێ دەگەیشت لەمەڕ چۆنیەتی داڕشتنەوەی ئەو پرۆژە یاسایە وتەنگو وچەلەمەکانی ،چ زانیاریەکی وەهای لە سەر بلاونەدەکراوە و پرۆژەکە ئەگەر چ بۆ بێگانە نهێنی نەبوو بەلام, بۆ گەلانی عێراق ورۆشنبیران وناوەند ودەزگا فەرمیەکان و ریکخراو ومەڵبەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تەلەسم ونهێنیێەکی سەیر بوو . بۆیە هەر پاش بلاوبونەوەی پڕۆژەکە ، ڕووبەڕوی هەڵمەتێکی رەخنەو باس تۆژینەوەی هەمە لایەن وهەمە چەشنە بوەوە.

سەرانی فەرمی کوردستان ئەگەر چ لە سەرەتاوە هەندی زانیاری گشتی وکەمیان دزە بێ دەکرد بو راگەیاندنەکان، کە پرۆژەکە ئاشکرا بوو ،رایانگەیاند کە گرفت نەماوە لە نێوان هەرێم و ناوەندی بەغدا و پرۆژەی یاسەکە ماف وداخوازیەکانی لایەنی کوردستانی مسۆگەر کردوە . پێش ئەوە وتاکو ئێستایش روون نەکراوەتە خاڵی ناکۆکی و جیاوازی لە نێوان داخوزای ئەوان وپرۆژەکە چیبوە وچون چارە سەر کرا ، وراگەیاندنی گوردستانیش ، نە لە پێش و نە لە پاش ئاشکرابوونی پرۆژەکە، نزیکی ئەم کێشەیە نەدەبوونەوە و، ئەگەر لە نیو باساکانیاندا ئاماژەی بۆ کرابێت ،ئەوە زیاتر پۆزەتیفانە بوە.

شایەنی باسە لە سەرەتای ئاشکرا بوونی پەسند کردنی ئەم پڕۆژەیە لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی ناوەندی بەغدا ، ولە سەرەتای ئەو هەڵمەتە ( چاودێر ) کە نوسەرێکە جار جار وتاری بە پێز وکرنگ لە مەر ،گەندەڵی ئابووری ومامەلەی ئیدارەی داکیر کەری ئەمریکی لەم باریەوە،لە ( التاخی ) ئەنووسێ لە بابەتیکیدا داوای لە ( التاخی ) کرد ، مەودا بدات ڕوشنبیران و پسبوران ئەم پرۆژە یە باس کەن وشیبیکرێتەوە وەکو تەوەرێکی تاییەتی . تاکو ئێستایش ئەو داخوازیە جێبەجێەنەکرا . ئەم کۆشە گێری و دوورە پەرێزیەی لایەنی کوردستانی لە کێشەیەکی وەها گرنگ وچارە نووساز ، سرنج راکێشە ..!

پرۆژەکە بە گشتی کۆمەڵێکی پرنسیب وناوەند وشێوەو شێوازی نوێ تێدا بەدی دەکرێت ،بەلام بۆجەمسەرە سەرەکیێەکانی کەرتی پیشەسازی نەوت و، بۆ ولاتێکی وەکو ( العراق ) هەنگاوێکە بەرە دوا وەیە ، بە ئومیدی ئەوەی رۆشنبیران و پسبۆرانی مەیدانی ئابوری ونەوت بە تاییەتی ، ئەم پرۆژەیە شەن و کەو کەن و، هاولاتیانی کوردستانی پێ ئاگادار بگەنەوە...

ئەوەی زیاتر لای بەندە و، لەم بوارە گرنگە : مافی خەڵکی کوردستانە وچونیەتی رەنگدانەوەیەتی لەو پڕۆژە یاساییە ، لەم بارەیەوە هەول ئەدین بە پێی ئیمکان وەکو چاودێریك و، لە سەر رۆشنایی ناوەرۆکی ئەو پرۆژەیە و ( 4 ) پاشکۆکەی کە لە میدیا بیانیەکان وەدستمان کەوت ، تاو توێیان کەین و، بۆ خەڵکی خاوەن کێشە و ستەمدیدی کوردستان رونی کەینەوە .

هەر وەکو ئاماژەمان بۆ کرد ئەم پڕۆژە یاسایە، کۆمەڵێك لایەنی باش پۆزەتیفی تیدا بە دی دەکرێت و لە دیدارەکەمان لە ( هاولاتی ) باسی پوختەکەمان کرد . لە گەڵ ئەوەش هەر لە سەرەتای راگەیاندی پرۆژەکە بە فەرمی رخنەیەکی زۆری ئارەستەکرا . بەم چەند خاڵە هەول ئەدەین پۆختەی هەندی رخنە لە سەر کەم کورتی پرۆژەکە بخەینە ڕوو کە ژمارەیەکی زۆر لە پسبۆرانی مەیانی نەوت و ئابوری دەرەوە ناوەوە تاکو حەدێك کۆکن لە سەری و لە وانە :

1. یەك لەوٍ ڕەخنانە کە ئاراستەی ئەم پڕۆژە دەکرێت ئەوەیە کە ( کاتی راگەیاندنی موناسب نیە ). ئەم ( موناسب نیە ) یش دەگەرێنەوە بۆ ئەوەی کەم ئەم پرۆژە یاسایە پشت بەستە بە چەند ماددەیەکی دەستووری ، و دەستووری هەمیشەیی کۆمار العراق ، بە پێی ماددەی ( 142 ) ی لە قۆناغی پێاچوونەوەیە بە گشت ماددەو برگەکانی لە لایەن لیژنەیەکی سەر بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی العراق و،ماوەی یەك ساڵی بۆ دیاری کردوە وهێشتا نە لیژنەکە لە کاری خۆی نەبوەتەوە و، نە ئەنجوومەنی نۆینەران بریاری خۆی لە سە ر داوە ونەخەڵکی ( العراق ) پەسندی کردووە و ، نەوت وسامانی نەوت وچۆنیەتی ئیستغلالکردنی، بابەتێکی سەرەکی مشتومڕی لایەنە بەرهەلستکارەکانی دەستووری هەمیشەی ( العراق ) بوون وەکو خالێکی خیلاف ، ئەم بابەتە و هەندی کێشەی دیکە بوە هۆکاری سەرەکی ماددەی ( 142 ) .واتە پیاچوونە بەو دەستوورە . دەرچواندنی ئەم یاسایە وبەوشێوەیە دوور نیيٍە خیلاف وناکۆی قول وفراونتر کات ...

2. لایەن وکەسانی وەها هەن کە لەو باوەرەدان لە کاتێکدا ئەم پڕۆژە یاسایە داڕشتراوەتەوە وحکومەتی ناوەند پەسندی کردووە و نێردراوە بۆ ئەنجوومەنی نوینەران ، کۆماری (العراق) هێشتا بە فیعلی داگیر کراوەلە لایەن هێزەکانی ئەمریکاو وهاوپە یمانی و ، ناوەندەکانی بریار ی ئیدارەی ( بوش ) هێلەسەرکیەکانی ئەم پرۆژەیانە داناوە ، وهەر ئەم ناوەندانە پەلەی لیٚ دەکەن وفیشار دەکەن بۆ ئەوەی کەرتی نەوت وکێڵگەکانی لە سەر گازی پشت بکرێتەوە بۆ کۆمپانیە بیانێەکان ، ئەمەش لە باردۆخی ئەمرۆی ئەم (العراق) ە درووست نیە. ئەندامێکی کۆنگریس ئەمریکی (دینیس کیسینیش) لە حیزبی دیموکرات ، لە لێدوانێکی وەك رادیو (سەوا) لە 2007/3/15، رایگەیاند ، نیازی وایە داوا بکات لە کۆنگریس سەبارەت بە دەرئە نجامەکانی ئەوخشتە زەمەنیەی کە فرز کراوە لە سەر حکومەتی العراق بۆ چاکسازی ، واتە هەر وەکو خۆ ئەڵێت : ( اعاة النظر في العواقب المترتبة على فرض جدول زمني على الحكومة العراقية لاجرأ اصلاحات ، اهمها سن قانون جديد يفتح الباب للشركات الأجنبية للأستثمار في مجال النفط) و، لە ژمارەی رۆژی (2007/3/14) ی نیویورك تایمز ، (کیسینیش) وتویەتی ( ان قانون النفط الجديد يشمل بندا يضمن للشركات النفط الأجنبية معاملة مماثلة للشركات العراقية ولا يعطي اي أفضلية للشركات العراقية ، سواء كانت خاصة أم حكومية . .. ) ، سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمریکا هەر لە مەیانەی قسەکانی ( (کیسینیش) ئەلێت ( على الولايات المتحدة أن لا تجبر العراق على فتح حقوله النفطية امام الشركات الأجنبية كشرط على أنهاء الأحتلال، وان اصرار الولايات المتحدة على سن قانون جديد للنفط ليس له اي علاقة بمصلحة الشعب العراقي ..) . گومان نیە لەوەی کە ئەم وڵاتە داگیر کراوە و، ئەو داگیرکردنەیشە دەرئە نجامی خرا پی لە کەوتوەتەوە ، هەر وەکو سەرۆکی شاندی العر اق بەریز ( جەلال تالەبانی ) ، سەرٍۆك کۆماری العراق ، لە وتەکەیدا بەرامبەر بە سەرانی عەرەب ومیوانەکانی کۆنگری ژمارە( 19 ) ی لوتکەی عەرەب لە ( رياض ) ی پایتەختی عەربستانی سعودی کە لە کۆتایی مانگی رابردوا گیرا ،جەختی لەسەر کرد وتی (ان تحرير العراق تحول الى احتلال مع نتائج وخيمه) و،هەر لەم بارەیەوە شای عەربستانی سعودی بەرێز (شا عەبدواللە ) لە وتەکەیدا بەرامبەر ئەو کۆنگرەیە هەمان مەبەستی پێکا وتی ( ان العراق يقع تحت احتلال غير مشروع ... ) ، کە ولاتێکیش داگیر کرابوو بریاری بە دەستی خۆی نیە .

3. هەندی لە پسبۆرانی بۆاری نەوت وسیاسە تمەدارانی ناوەوە دەروە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەندی ماددە وبڕگەی ئەم پڕۆژەیە جیاوازێکی زۆر گرنگ هەیە لە دەقی ئەصلە (ئینگلیزیەکەی) ودەقە ( عەربیەکەی) . واتە ئەو دەقەی

عەريەبيە كە دراوە بە ئە نجوومەنى نيۆنەرانى العراق و چەندرۆژنامەو سايتى عەربى وبيانى بلاويان كردوەتەوە . ئەو جياوازيانە كە ئاماژەيان بۆ كراوە . جياوازيەكان زۆرن وجيگاى مەترسيە ،بە تايبەتى هەندى لە سەرچاوە خەبەريەكانى جەخت لە سەر ئەوە دەكەن كە دەقە ئينگليزيەكەى لە لايەن ليژنەكەو ئيمزا كراوە وەكو دەقى ( موعتەمەد ) ، وەلى ئەوەى تاكو ئيستا ئە نجوومەنى نيۆنەرانى العراق لە سەرى ئەوروات سەبارەت بە ( دەقى ياسايى موعتەمەد ) ( دەقى عه ربيه ) . شايەنى باسە تاكو ئيستا ( دەقى كوردى ) نەبوەتە دەقيكى موعتەمەد ) ، ئەمەش كەلينيكى گەورەيە لە بوارى ياسادانان و مافيكى دەستوورى كورد . بە هەر حال ئەگەر خيلافى وەها هەبيت لە نيوان هەردوو دەق( ئينگليزى ) و ( عەربى ) پيويستە چارە سەر بكريت و ئەو جياوازيانە نەمينيت ...

4. بە پيى برگە (ث) ى مادە (41) ئەم پرۆەژەيە چۆنيەتى چارە سەركردنى ناكۆكى لە نيوان كۆمارى العراق و، وەبرهينانى بۆارى نەوت ، بە دەرە لە دەسەلاتى دادوەرى العراق ، هەر وەكو لە دەقى ئەوبرگەيەدا هاتووە ( يتم اجراء التحكيم بين جمهورية العراق والمستثمرين الأجانب حسب أنظمة اجراءات التحكيم لغرفة التجارة الدولية في باريس او جنيف لتسوية النزاعات بين الدول ومواطني دول اخرى......) . ( **ئيستسنا ) كردنى وەبرهينەرە بيانيەكانى ( تاك ) يان (كۆمپانيا ) ، لە ئەحكامى ياسا وريساكانى العراق ، چ ئەوەى هەيە وچ ئەوانەى كە لە ئايندە دەردەچيت ، سەبارەت بە ناوكۆكيەكان ، تەجاوزە لە سەر سەروەرى ياسا و لە سوودى گەلانى العراق نيە بە تايبەتى ( ژوورى بازرگانى نيودەولەتى پاريس يان جنيف ) بۆ تەسويەكردنى خيلافات ، دەزگايەكن تەنها بە چاوى بازرگانى تەمشاى كيشەكان دەكەن و حيساب بۆ ياسا وريسا ناوخۆيەكان يان پەرژەوندى بالاى ولاتيكى وەك العراق ناكەن ، ئەمەيش لە واقيعيدا جۆرە پاشگەزبوونيكە لە سەربەخۆى ولات وبنەما ديموكراتيەكانى نيۆ دەستوور ،كە لايەنە پەيوەندارەكان هەميشە جەختى لە سەر ئەكەن و سيستمى العراق بە سستيميكى ديمووكراتى ناوزەد دەكەن ...**

5. ئەم پرۆژە ياسايە هەر وەكو وتمان پشتى بەستوە بە كۆمەليك ماددە وبرگەى دەستوورى هەميشەيى العراق . لە دەستووريش زەمينە خۆشكراوە بۆ ( خصصە ) كردنى كەرتى نەوت. خصصە كردنى كەرتى نەوتيش دوو كيشە دەخاتە روو يەكەميان: پابەندبوون بە بنەماكانى بازار (مبادئ السوق ) ،ودووهەميان : هاندانى وەبەرهينان( تشجيع الاستثمار ) و، هەردوو كيشەكەش ليردا روونە ئەويش ( كردنەوەى دەرگاى (العراق) ە بەرامبەر كۆمپانيە تايبەتيەكان ( الشركات الخاصه ) . تاكو ئيرە دوور نيە بۆ كەسانيك كە دوور بن لە واقعى كەرتى نەوتى العراق وئەو سەروەتەى كە هەيەتى و، ئەوەش كە هيشتا ئاشكرا ناكريت مەقبوول بيت ،وەلى كە هەندى ورد دەبينەوە لەكۆى گشتى يەدەكى نەوتى العراق ( سابت ومحتمل و ئايندە ) كە مەزندە دەكريت بە زياتر لە 365مليار بەرميل (115+150+100) و، ژمارەى كيلگەكانى كە زياترە لە (80) كيلگە وئەوانەى كە ئيستا لە كارن وئيستغلال دەكرين (17) كيلگە ، وينەكە زياتر روون دەبيتەوە . بەم پييە: يەدەكى سابتى نەوتى ئەو (17) كيلگەيە (كە سنوورى (40٪) ى كۆى گشتى يەدەكى سابتى نەوتى العراق پيك دينيت (115م .ب ) لە سنوورى 46) مليار بەرميلە و، يەدەكى سابتى باقى ترى ئەو كيلگانە كە زياتر لە (63) كيلگەيە و، (دەبيتە ئامانجى كە رتى تايبەت لە راستيدا كۆمپانيە بيانيەكانە ) ، دەكاتە(69) مليار بەرميل . واتە بە فيعلى زياتر لە (60٪) يەدەكى سابتى نەوتى العراق كراوە دەبيت بۆ كۆمپانيە بيانيەكان ، پرۆژى ياساكە ريگا بە كۆمپانيە بيانيەكان ئەدات كە تيكەلى (40٪) ە كەش بنەوە. خۆ ئەگەر يەدەكى كشتى حساب كەين ئەوە زياتر لە (84٪) يەدەكى نەوتى العراق كراوە دەبيت بۆ كەرتى تايبەت واتە بە عەمەلى كۆمپانيە بيانيەكان و، بە تەحديد تر كۆمپانيەزەبەلاحەكانى بۆارى نەوت ولە سەرووى هەر هەموويانەوە ئەمريكى وئينگليزەكانن ، چونكە ئەو مەرج وشرايتە سەبارەت (بەباشترين ئاستى تەكنەلۆجيا وسەرمايا و( ميهەنيەت و خيبرات لە بوارى نەوت )، كە لە پرۆژەى ئەم ياسادا تەسبيت كراوە بۆ كەرتى تايبەتى ، تەنها لەوانەدا بە دى دەكرين ، وپرۆژەكەش هيچ جياوازيەك ناكات لە نيوان كەرتى تايبەتى ( عيراقى

) و بیانی و،گرییەستەکانیش بە کێبرکی دەبێت ، وئەو گرییەستانەش لە سەر بنەمای ( مشاركة لانتاج ) دانراوە و ،لە ژمارەیەکی پێش ئێستای ( هاوڵاتی ) باسی لایەنە سلبییەکانی گرییەستی ( مشاركة الانتاج ) مان کردبوو،ئەم جۆرە گرییەستانە کاتیان بە سەردا چوە ، ولە پاش جلەکانی سەدەی رابردوو کەم وڵات بەسندی دەکرد ئەوەشی دەیکرد، بۆ ئەو کێڵگە نەوتیانە بوە، کە دۆزینەوەی نەوتی لە ئاستی ( ئەگەردا ) بوە یان تەکلیفەی گران بوە و، پیویستی بە سەرماییەکی وتەکنەلۆجیایەکی زۆر و پێشکەوتوو هەبوە، لە گەڵ ئەوەش هەمیشە قابیلی گۆران بوە .
لە بازاری نەوتدا ئەمرۆ ( 3 ) جۆری ئەم گرییەستە باس ولێکۆلینەوەی پسبۆرانی لەسەرە، کرییەستی (مشاركة الأنتاج ) ی روسیا و ( عومان ) و لیبیا ) . خرابەکەیان ئەوەی روسیایە وباشەکەشیان ئەوەی لیبیا یەو . ئەگەر هەمان شەرایتی ئەو ( 3 ) جۆرە گرییەستانە بەروارد بکرێت لە گەڵ کێڵگە نەوتیەکانی العراق ، لە مەر ریسکی ئەگەری بوونی نەوت و هەرزانی تەکلیفەی گەران ودۆزینەوەی و دەرهێنانی و نەوعەیەتی،کە لە هەموو ئەوبۆارانەدا نەوتی العراق زۆر مسۆگەر وهەرزان وباشترە ، ئەوە(قازانج ) ی سەرمایە ، واتە مردوودی ربحیەتی ئەو سەرمایەیە کە کومپانیە بیانیەکان وەبەرئەهێنن ( استثمار ) ی دەکەن لە کێڵگە نەوتیەکانی العراق بە پیٚ مەرجەکانی گرییەستی ( مشاركە الانتاج ) لە هەر یەك لەو ( 3 ) وڵاتە ، یەك جار زۆرە . وکوو نموونە : ئەگەرهەمان مەرجەکانی ( 3 ) گرییەستە پیادەبکەین لە سەر ( 3 ) کێڵکەی نەوت لە عێراق وەك ( العمارە ) و ( الناصریە ) و ( مجنون ) ئەوە ریژەی سودی ئەو سەرمایەنەی کۆمپانیێکی بیانی دەستی دەگەوێت لە نیوان (42٪ ) تاکو ( 62٪ ) بۆ کێڵگەیەکی بچوك ( العمارە و الناصریە ) و، ( 98٪ ) تاکو (162٪ ) سەبارەت بە کێڵگەیەکی گەورە ( مجنون ) ، تەمشای ئەم خشتەیە بکە :

| مەرجەکانی گرێ بەستی ( مشارکە الانتاج ) وەکو ئەوەی: | ڕێژەی چاوەڕوان کراوی کۆمپانیەکان لەمەر وەبەرهێنانی سەرمایە بە پێی ئەم گرێ بەستانە لە : | | |
|---|---|---|---|
| | کێڵگەی ( العمارە ) بچووك | کێڵگەی ( الناصریە ) مامناوەند | کێڵگەی ( مجنون ) گەورە |
| روسیا | ٪62 | ٪105 | ٪162 |
| عومان | ٪51 | ٪ 83 | ٪120 |
| لیبیا | ٪ 42 | ٪67 | ٪98 |
| نرخی یەك بەرمیل بە ( 40 ) دۆلار مەزەندە کراوە لەسەر بنەمای نرخی ساڵی ( 2006 ) ( هەر زیاد بوونێك لە نرخی یـەك بەرمیل نەوت ئەو ریژانە بەرز دەبنەوە ... | | | |

شایەنی باسە وەکو پرنسیبی وەبەرهێنان لە بۆاری نەوت دا ، کۆمپانیە نەوتێەکان سوودی وەبەرهێنانی سەرمایەکانیان ، ئەگەر هاتوو ( 12٪ ) ودەست بێنت ئەوە بە پرۆژیەکی نایاب و سوودمەند دەژمێرن. یاساکە ئەگەر چ مەودای داوە بە کەرتی تایبەتی ناخۆ هەولی وەبەرهێنان بدات لە بواری دەرهێنانی نەوت ، ولی هیچ جۆرە ئیمتیاز وئەفزەلیەتێکی بۆ دانەناون ، بە پێچەوانە ئەوانەی خۆ ماڵی و زەبەلاحەکانی بیانی وەك یەك تەمشا دەکرێن ، جا خوا هاوکاری ئەو جۆرە کۆمبانیەی خۆ ماڵیانە بێت ، ئەگەر هاتوو لە ئایندە دروست بوون) ،کە چۆن بتوانن بەو شەرایتە کە تەسبیت کراوە ،کێبرکی (کۆمپانیای ( شل ) یان ( برتیش بترۆلیوم ) یان ( أکسون موبیل ) هتد بکەن....!

6. لە پڕۆژەی یاساکەدا ، وبە پشت بەستن بە چەند ماددەیەکی دەستووری هەمیشەی، ئاماژە بە ( هەرێمی کوردستان ) یان ( پارێزگا ) بەرهەمهێناکانی نەوت دەکات . هەرچەندە لە بەشی دووهەمی ئەم باسەدا بە تەفصیل باسی ( ناوەرۆکی مادده وبرگەکانی ئەم پرۆژەیە دەکەین سەبارەت بە دەسەلات ومافی خەڵکی کوردستان وئیدارەگەی ) ، ئەڵێن لەم پڕۆژەیەدا لە چەند جیگا باسی هەرێم ودەسەلات وبەشی خەڵکی کوردستان دەکات. ئەگەر چی بە گشتی ئەو باسکردنە لە چوار چێوەی ( تەنسیق ) و( ڕاوێژکردن ) وبەشدارێکی ( شکلی ) تێنا پەڕێت ، دەبینین هەندی بەرپرسی کورد ، بە دەر لە ناوەرۆك وراستی ئەو دەقانە بە شان وباڵی ئەم پرۆژەیەدا هەڵئەدەن ، و ئاماژە بە چەند ڕستە و بڕگەیەکی نا تەواو تەماوی دەکەن و یەك تەرفە بە خۆاستی دڵی خۆیان تەفسیر دەکەن، تاکو ئەو ئاستەیە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە کورد شەریکە لە دەرهێنان و بەرهەمهێنان نەوت و راستەو خۆ ئیدارەی کێڵگانی دەکات ...هتد ، خۆزگە وا بێت ،وەلی وانیە . یان خۆزگە لە کاتی باسکردنی یاساکە لە ئەنجوومەنی نێۆنەران ،لایەنی کوردستانی ئەو خۆزگانە تەسبیت کات . ئەڵێن لەگەڵ ئەو هەموو کەم کورتی و ناتەواوی مادە وبرگە پەیوەندارەکان بە خەڵکی کوردستان وحکومەتەکەی کە لەم پڕۆژەیە دا هاتووە ، تیۆژەیەکی گەورەی ئەوانەی کە باس لەم پڕۆژە دەکەن و ڕخنەی لێدەگرن ، ئەمە شیان کردوە بە خاڵیکی گرنگی رخنەکانیان ، گۆایە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە کەرتی نەوت ، هەنگاویەکە بۆ ( جیابونەوە وپارچە پارچەکردنی العراق ) و،تالانکردنی سەروەت وسامانەکی و ڕخنەیەکی زۆریش دەگرن لەو چەند گرییەستانە کە لە پێش ولە پاش قوناغی ڕزگاری العراق ، ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە گەڵ چەند کۆمپانیایەکی بیانی پێك هاتبوون ، سەیر لەوەدایە بە پێ ئەم پڕۆژەیە ، دەبێت ( لیژنەی ڕاوپژکاران ) ی سەر بە ( ئەنجوومەنی ئیتحادی نەوتی العراق ) پاش دروستبوونی ، بەو گرییەستانە بچێتەوە ، وبریاری لیژنەکەش حاسیمە وقابیلر رەدکردنەوەنیە ، واتە بە عەملی راگیراون تاکو ئەودەم . لە گەڵ ئەوەش ئەم لایەنانە هەزمی ئەو چەند دێر وبرگانەی پرۆژەکە ناکەن کە زیاتر لە دروشم ئەچێت و،بۆ رازی کردنی لایەنی کوردستانیە....!

بە کورتی وبە گشتی ئەم پڕۆژە یاسایە ، پڕۆژەیەکە ،هێلە سەرکیەکانی وپرنسیبەکانی ، لە لایەن پسبۆرانی ئەمریکی وئینگلیزی دارێژراوە. هەر وەکو پڕۆژەکانی تریان ، هەولیان داوە هەر لایەنێکی شتێیکی هەبێت بۆخەڵکی خۆی ، با دروشمیش بێت ، بێ ئەوەی مەودا بدات هەر لایەنێکی لە لایەنەکانی ئەم العراق ) ە بگات بە مەبەستی خۆی و، تەنها سەرکەوتوو لایەنی ئەمریکی وهاوپیمانەکانیەتی لە بۆاری کەرتی نەوت ..

ئێمە لەو باوەڕداین عێراقی سەدەی بیست ویەگ زۆر گرنگتر دەبێت ، بۆ ناوچەکە و، بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ، لە عێراقی سەدەی بیست ، هەر وەها کوردستانی باشوورمان بە تەحدید و، کوردستانی گەورەمان بە گشتی ، لە هاوکێشەکانی ئەم سەدەیە رۆڵی گرنگتری دەبێت لەوەی رابردوو، بە مەرجێك سەرانی فەرمی کوردستان ، لە پاشکۆیەتی رووداوەکان و رەقەمێکی ئەو هاوکیشانە ڕزگار بن . سەروەت سامانی ولاتەکەمان لە پێناوی سیاسەتی ڕۆژ و پەڕژەۆەندی تەسکی تاییەتی ، بە تالان نەدەن ، و بە هەندی درووشمی بریقەدار وبێ ناوەڕۆك قایل نەبن و،نەبنە سەڵتە سووری بەر لەشکر وکارتی گەمی پەرژەوەندی خەڵکی تر و( عالتەراش ) ملی پێوە نەنن و، حیساب بۆ ئەم هەلە هەڵکەوتووە بکرێت وگرانی قوربانیەکانی کورد و گرنگی وقەبارووی یەدەکی نەوت وغاز وسەروەت وسامانی دیکەی ولاتەکمان و قولایی نەتەوایەتی لە بارچاوبگیردرێت . کوردستان لە سەر( دەریایەکی نەوتەوغازە ) ، ئەوە ( 80 ) ساڵە بە شێوەیەکی بازرگانی وسیاسەتێکی شۆفینی ورەگەزبەستانە نەك هەر ئەم سامانە تالاندەکرێت ، بەلکو بەو داهاتەیە کوردستان ویران دەکەن ، و ئەو سامانە نەتەوایەتیە بەرو نەمان ئەروات واتە ڕۆژێك دێت نەوت وغاز نامێنیت و، ئەم پڕۆژە یاسایە ،بە رواڵەت هەنگاوێکە بۆ پێشەوە ، وەلی لە پراکتیکدا چەند هەنگاویەکە بەرەو دواو،بۆ ئێمەی کوردستانی سەرەتایەکە گرنگ و بێ وێنەیە بۆ چەسپاندنی مافەکا نمان و ئیمکانیەتی کونتڕولکردنی ئەم کالایە بە چۆریك کە لە خزمەتی ئەم نەوە ونەوەکانی ئایندەمانیش بێت ...

ئا لەم ڕوانگەیەوە ،جێگای سەر سوورمانە لایەنی کوردستانی ، تاکو ئێستا مەودای نەداوە لە میدیەکانیان بە گشتی و بە فرەوانی ، پرۆژە یاساکە بلاوبکرێتەوە باس بکرێت وکەم کور تیەکانی بخرێتە روو .
هەر وەکو لە سەرتاوە ئاماژەمان بۆ کرد ، لە مێژوە لە ئەمریکا وبەریتانیا ولاتانی دیکەش باسی تەفاصیلی ئەم پرۆژەیە کراوە ، کە دەروازی کێلگەکانی عێراق دەکاتەوە بۆ کۆمپانیە بیانیەکان و هەروەها مەمەلکردنی کەمپانیە بیانیەکان و کۆمپانیە عیراقیەکان وەك یەك و، هیچ ئەفزەلیەتێکی نەداوە بە عێراقیەکان چ کۆمپانیەی نەوتی نشتمانی العراق یان ئەوانە کەرت تایبەت کە دوور نیە دروست بن ....
بەش بە حالی خۆم ، لەم هەموو ئەم سەراودەراوە، وخستنە رووی رخنەو کەم کورتی پرۆژەکە ، بۆ ئەوە نیە کە ئێمە لاینگیری کەرتی تایبەتی نین لە بواری پیشەسازی نەوت ، یان ئەوندە بە پەرۆشی ( العراق ) ی هیوا ئاشتین . بەدەر لە کوردستان ، وخەلکی کوردستان ، ئەم ( العراق )ە ئەوندە یادگاری شیرینمان نیە لە گەلی و،بۆ ئێمە کورد ئەوندە پیرۆز نیە ،کە مرۆڤ ئەوندە غەم لە نەوت غاز وسەروەت و سامانی بخوات و،بە داهاتی نەوت وغازەکەی هەولی بەهێز کردنی سوپا و ئاسیش وپۆلیس ودەزگاکانی تری بدات ، لە ژێر ناوی (العراق الجدید ) ، یان وەکو کوردستانیەگ : کورد فاکتەری پاراستن وسەرووەری خاکەی بێت . بیر لە بە زۆر لکندانی ئەم بەشەمانە بکەین بەو ولاتە داتاشراوە. باس لە رۆلی کۆمپانیە بیانیەکان بکەین چۆن هەمیشە فاکتەری نائارامی وپشتیوانی دەسەلاتی ناوەند بوونە ، بیر لە هەلەبجەو ئەنفال وتەعریب و تەهجیر بکەینەوە. لە بریمەر وبریارەکانی و عەلاوی والجعفری و دەستووری کاتی و هەمیشەی العراق وتەسبیت کرنی ( 51٪ ) ی خاکی کوردستانی عێراق بە ( المناطق المتنازعة علیها ) ، یان هەلویستی حکومەتی (المالکی) سەبارەت بە مادده (140) وهەولی مردار کردنەوەی ، یان ئەو نەخشانە کە دەیانەوی (کەرکوك) دەرکەن لە سنووری کوردستان ، چ بەکەم تەرخەمی ودواخستنی پرۆسەی گەرانەوەی ناوچە نەعرییکراوەکانمان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان ، یان لە ریگای هەندی لە دەلالەکانی ناوخۆ ودەرەوە سەبارەت بە جێکاکردنەوەی کەرکوك لە کوردستان بە پاساوی ناارامی و دواخستنی ( ریفراندۆم ) یان کەرکوك بکرێت بە هەرێمکی سەربەخۆ ، گۆایە ناوچەیەکی پر لە نەوتە بە گەرانەوەی بۆ باوەشی هەریمی کوردستان ، کورد جیا دەبیتەوە لە االعراق یان تورکیا زیز دەبێت و، گەرنەوەی تەعریچیەکانی پێشیلکردنی مافی مرۆڤە...!
ئەوەی بە تەمایە بە بێ دەنگی و بە خشپەکی و لە پشتی خەلکی کوردستانەوە ، بۆ هەر مەبەستێك بێت ئەم پرۆژەیە دەرباز دەکات و، پاساو بدرێتەوە گۆایە دەرفەتێك دەبێت بۆ راکێشانی پەرژەوەندیە دەرکیەکان و، کارتێکی یاری دەبیت بە دەستی کوردەوەبۆ دوارۆژ ،بۆچونێکی سواو و ئیکسپایر و دوور لە واقیعەچونکە :

- پرۆژەی یاساکە ئەو رۆلەی بە لایەنی کوردستانی نەداوە ، لە مەر ئیستغلالکردنی سەروەت سامانی نەوت و غازی کوردستان و، مولکیەتی و گرێبەست و داهاتی..
- هەم دەستووری هەمیشەیی العراق ، کە ئەم پرۆژەیە پشتی پێدەبەستێت ،وهەم خودی پرۆژەکە ، لە قۆناغی پیاچوونە ودارشتنەوەدان و، ئەوەی کە رچاو دەکرێت و بە پێی رخنەگرەکان ، هەندی لە خالەکانی دەستوور و ئەم پرۆژەیە ، ئەوانن کە پەیوەندیان هەیە بە ماف رۆلی لایەنی کوردستانی و، لە نێو ئەوانەش نەوت وغازە .
- هەلویستی ناوەندی بەغدا لە مەر ئەوچەند گرێبەستەی پێش وپاش قۆناغی رزگاری العراق ،وتەکانی وەزیر نەوتی العراق ( شهرستانی ) کە رۆژی 2005/4/27 بلاوکرایەوە ، جەختکردنەوەیەك وەبیرهێنانەوەیەکی دیکەیە بۆ لایەنی کوردستانیە لە مباریەوە ....
- ئەو دەرئە نجامی راکێشانی پەرژەوندیەکانی ئابووری بگری ئەمنی وسیاسی تورکیا لە هەرێمی کوردستان . قەبارەی بازرگانی تورکیا لە گەلّ هەرێمی کوردستان لەم یەك دوو سالەی دوییدا گەیشتوەتە سنووری (5) ملیار دۆلار ، لە سنووری (400) کۆمپانیای تورکی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن گەوەر و مام ناوەندی

وبچوك . تەنها گرییەستەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە گەڵ كۆمپانیێكانی توركیا تەجاوزی ( 1 ) ملیار دۆلاری كردووە واتە لە سنووری ( 25٪ ) بودجەی ساڵانەی هەرێمی كوردستان . ولە بواری نەوتیشدا لە گەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان زیاتر لە دوو گرییەستیان هەیە ، ئەڵێن سەرەرای هەر هەموو ئەمانە وشتی تریش ، حكومەتی توركیا حیساب نەك هەر بۆ بەرژەوندی هەرێمی كوردستان وخەڵكی كوردستان ناكات بە لكو بە هەر زیاد بوونی رێژەی بەرژەوندیەكانی لە هەرێمی كوردستان تەهدید ودەستێوەردان ونەخشە وپلانی دوژمنانەی زیاد دەكات ...

مرونەت و شەفافیەت و راگرتنی بەرژەوندیكان سنووری هەیە وكورد لە فەراغ ناژێت ، وەلی كوردیش كێشەیەكی هەیە و بەرژەوندی تایبەتی خۆی هەیە وئەوەندی هەیە وئەوەندەیش پێ دەكرێت نەهێڵێت ولاوە بنریت و تەهمیش بكرێت . شیوەنی ئێمە بۆسەروەت وسامان وداهاتی نەوتی كوردستانە و ئەوەی ماوەتەوە ،با ژێرتر وجیدی تر تەماشای نەخشەكان بكەین بە قسەیەك و چەند دەقێكی بێ ناوەرۆكی دیسان فیلمان لێنەكەن و تالانەكرێت و داهاتەكەی جاریكی دیكە نەبێتە ئاكروبمانسووتێنێتەوە.ئەگەر هەر پیمان نەكرێت وەكو پێویست بیپارێزین و سوودی لی وەرگرین ئەو خۆ ئەتوانین نەهیلین خەڵكی تر سوودی لێ وەرگرێت ...